# بێکێت و برووک و «ڕۆژە خۆشەکان»
# بێدەنگی و جووڵەی شاراوە

**د. فازڵ جاف**
**(سوید)**

شانۆنامەی (ڕۆژە خۆشەکان)ی سامۆیل بێکێت لەو شانۆنامەیە کە دەرهێنەرەکان بە دەگمەن دەستی بۆ دەبەن، بە بیانووی ئەوەی گوایە کرداریان تێدا نییە، یان وەک باوە دەڵێن درامای تێدا نییە. قوتابییەکانی دەرهێنانی شانۆیی گەلێ جار شانۆنامەی باش ڕەت دەکەنەوە، بە پاساوی ئەوەی دیالۆگ بەسەریدا زاڵە و کرداری تێدا نییە.

لە یادمە چەند ساڵێک پێش ئێستا، لەسەر داوای خۆی شانۆنامەیەکم بۆ شانۆکارێک پێشنیاز کرد، ئەویش بە بیانووی ئەوەی گوایە کرداری تێدا نییە، ڕەتی کردەوە. پێم گوت کردار و جووڵە لە نێو وشەکاندایە، لە دێڕ و بندێڕەکاندایە، ئەوەش بەبێ خوێندنەوەی ورد و قووڵی تێکستەکە نایەتە دی.

بینینی نمایشی شانۆنامەی (ڕۆژە خۆشەکان)ی سامۆیل بێکێت، بۆ یەکەم جار بە دەرهێنانی پیتەر برووک، لە شانۆی ڕیڤەرساید، بە هاوبەشی شانۆی نیشتمانیی لەندەن، لە چوارچێوەی وەرزی شانۆی فرەنسی، لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٧، یەکێک بوو لەو ئەزموونە شانۆییانەی کە وەک دەرهێنەر کاریگەرییەکی زۆری لە پێکهێنانی دیدگەی هونەریمدا هەبوو، ئەمە نەک تەنیا بەهۆی ناوبانگی پیتەر برووک، یان پایە و پێگەی بڵندی (بێکێت)ەوە لە شانۆی مۆدێرندا، بەڵکوو پتر بەهۆی ئەوەی کە من بە پرسیارێکەوە بۆ بینینی نمایشەکە ڕۆیشتم: چۆن دەرهێنەرێکی مەزنی وەک پیتەر برووک دەتوانێت نمایشێکی شانۆیی سەرکەوتوو بۆ دەقێک بکات، کە بە ڕواڵەت و ڕووکەش هیچ کردارێکی درامیانەی تێدا ڕوو نادات، بگرە گرێچنی شانۆنامەکە هیچ ڕووداوێکی بەرچاوی تێدا نییە و کەمترین جووڵەشی تێدایە.

دێمەوە لای پرسیارەکەم: چۆن دەکرێت دەرهێنەرێکی وەک پیتەر برووک نمایشێکی شانۆیی لە دەقێکی وەک ڕۆژە خۆشەکان دروست بکات، کە بە ڕواڵەت بێ ئەندازە ستاتیکە (بێ جووڵەیە). بینینی ئەم نمایشە وای لێ کردم قووڵتر بیر لە سروشتی دەرهێنانی شانۆیی و سنووری فراوانی جووڵە و ئاماژە و پلاستیکای ئەکتەر لە نمایشدا بکەمەوە، بەتایبەتیش لەو شانۆنامانەدا، کە گوایە کرداری شانۆیی و دراما و ململانێ و ناکۆکی و پێکدادانیان تێدا نییە، نکوڵیش لەو ڕاستییە ناکرێت کە شانۆی مۆدێرن لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە، دروست پاش سەرهەڵدانی شانۆی ئەبسۆرد، پڕن لەم تەرزە شانۆنامانە، شانۆنامەکانی سامۆیل بێکێت باشترین نموونەن.

پاڵەوانی شانۆنامەی «ڕۆژە خۆشەکان»ی خاتوو وینی، هەر لە سەرەتاوە جەستەی تا کەمەری لە خاکدا نێژراوە و ناتوانێت لە جێی خۆیدا بجووڵێت، ئەو دەتوانێت تەنیا سەر و دەستەکانی بجووڵێنێت. لە بەشی دووەمی نمایشەکەدا جووڵەکانی بەتەواوەتی کەم دەبنەوە، چونکە لەم پەردەیەدا هەموو جەستەی نوقمی خاک دەبێت و تەنیا سەری بەدەرەوە دەمێنێت. وینی مرۆڤێکە بە درێژایی نمایشەکە تا دێت نوقمی خاک دەبێت، بێوچانیش قسە دەکات، وەک بیەوێت لە ڕێگەی قسەکردنەوە، ئەوەندەی بۆی دەکرێت، بێدەنگیی کۆتایی (دوابێدەنگی) دوا بخات. پێشتر دەمزانی کە نمایشەکە بە زمانی فەرەنسییە، ئەوجا بۆ ئەوەی باش لە نمایشەکە تێبگەم، دووبارە شانۆنامەکەم بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە.

بە درێژایی کات چێژم لە ڕیتمی نمایشەکە و مۆسیقای زمانە فەرەنسییەکە وەردەگرت، بەتایبەتیش لە شێوازی دەربڕینی وشەکان، کە ناتاشا بێری لەوەدا ئەکتەرێکی کارامە بوو. ئەوەی لە سەرتاسەری نمایشەکەدا سەرنجی ڕادەکیشام و چێژبەخش بوو، ماوە کورتەکانی بێدەنگی بوو کە لە نمایشی خاتوو ناتاشادا بینەرانی تەواو بۆ لای خۆی کەمەندکێش کردبوو، ئاواز و نەزمی ڕستەکان و ئاهەنگی وشەکان، لەگەڵ ئەندازیاریی ئاماژە و وردەکاری دەربڕینی ڕوخسار، زمانێکی درامیانەی هەستبزوێنی کاریگەریان خوڵقاندبوو، ئەم هەموو جوانکارییانە هەستیان دەبزواندم، پاشان چونکە لە زمانەکە تێنەدەگەیشتم، ڕیتم و مۆسیقا و ئاوازی وشە و میلۆدیای ڕستەکان، سۆزێکی قووڵتریان پێ دەبەخشیم. تێگەیشتم کە بێکێت تەنیا دەقێکی ئەدەبی نەنووسیوە، بەڵکوو سۆناتایەکی شانۆیی داڕشتووە، کە زۆربەی دەرهێنەرە کەم ئەزموونەکان ناتوانن پەی پێ بەرن، هەر بۆیە زۆر جار وەک خۆیان دەڵێن دژ بە تێکست و دەسەڵاتی تێکست دەوەستنەوە.

بیهێننە پێش چاوتان، وینی، کە تەنیا




نیوەی جەستەی، لە کەمەر بەرەو سەرەوە، دەرکەوتووە، شان و ملی ڕووتە، شەپقەیەکی لەسەرە، شوێنەکەش گردۆڵکەیەکی ڕووتورەجاڵە و هیچ سەوزاییەکی لێ نەڕواوە. لە ژینگەیەکدایە تەواو دژە ژیانە، لەم سروشتە قاتوقڕە و لە ژێر گەرمای خۆرەتاودا بە درێژایی نمایشەکە دەدوێت. دیمەنەکە یەک ڕەهەندە و یەک مانا دەبەخشێت: سەرەتا و کۆتایی ژیان، لەدایکبوون و مەرگ، هاتنە دنیا و بەجێهێشتنی. هەموو کەرەستە گرنگەکانیش کە وینی بۆ مانەوە و بەردەوامبوون بەکاریان دەهێنێت بریتین لە: فڵچەی ددان و چەترێک و دەمانچەیەک، کەرەستەکان زۆر کەمن، بەڵام ئاماژەن بۆ دووبارەبوونەوەی کردارە ڕۆتینییەکانی ژیان و بۆ بێهوودەیی بوون. ئەم پێداویستییە سادانە، وەک ئەوەیە بارودۆخی مرۆڤ لە ناو گەردوونێکدا چڕبکاتەوە، کە هەر لە سەرەتاوە، بە بێدەنگی و لەسەرخۆ، تەمەن هەرچەند هەڵکشێت، لە ئەنجامدا لە گۆڕ نزیک دەبینەوە، لە کۆتاییدا دەچینە ژێر گڵ.

دەمویست بزانم: برووک چۆن شانۆنامەیەک

دەردەهێنێ کە زۆربەی دیمەنەکانی لە شێوەی مۆنۆدرامایەکی ستاتیکدا دارێژراوە؟ ڕاستە شانۆنامەکە دوو کەسایەتی دەگرێتەخۆی، بەڵام مۆنۆلۆگ بە سەریدا زاڵە. برووک لەم نمایشەدا ئەوەی سەلماند کە وەک ستانیسلاڤسکی دەڵێت، جووڵە لە نواندندا تەنیا جەستە و ئاماژە و ڕۆیشتن لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دی ناگرێتەوە، بەڵکوو تێکستی ڕاستەقینەی شانۆ، دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکان دەکرێت هەموویان بنە مایەی جووڵە، بە مەرجێک ڕاستودروست و بەوردی بەرجەستە بکرێن. جووڵەی کات، جووڵەی خەیاڵ و ئەندێشە و یادەوەرییەکان، جووڵەی ڕیتم و تیمپۆ (خاوی و خێرایی)، جووڵەی ئاواز و ئاهەنگی وشەکان، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە کاریگەرێتی بێدەنگی کە خۆی لە خۆیدا جۆرە جووڵەیەک لە هەست دروست دەکات و ناخ دەبزوێنێت.

برووک لەم نمایشەدا بێدەنگیی کرد بە کەرەستەی کردارێکی شانۆیی، لە بێدەنگییەوە ڕووداوێکی دروست دەکرد و لە دووبارەبوونەوەشیدا جووڵەی درامیانە، بە ئەندازەیەک دووبارەبوونەوەی بێدەنگی یەک لە دوای یەک، شێوەی زنجیرەیەکی وەردەگرت، کە وەستایەتی و شارەزایی ورد و هەستی ناسکی دەرهێنەر و ئەکتەرەکەی لە هونەری ڕیتم و مۆسیقادا دەردەخست.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕەخنەگرانی شانۆ لە لەندەن نمایشەکەیان پۆزەتیڤانە ستایش کرد و بەرز نرخاندیان، چەند ڕەخنەگرێکیش پێیان وابوو، کە نمایشەکە هیچ مۆرکێکی نوێی تێدا نەبوو، گوایە بەرانبەر بە گەورەیی ناوی پیتەر برووک و نمایشە بەناوبانگەکانی، لە چەشنی خەون ( خەونی نیوەشەوێکی هاوین) و مەهابەهاراتا و کۆنفرانسی باڵندان، ئەم نمایشە ئەوە نەبووە، دیارە چەند ڕەخنەگرێک چاوەڕێی کاری گەورەتریان لە برووک دەکرد. ئەم ڕەخنەیە خۆی لە خۆیدا، ستایشکردنێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ دەرهێنەر، هاوکات ناشارەزایی ئەو کەسانە لە بواری دەرهێنان و نمایشسازیدا پێشان دەدات. ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونانە لە وەڵامی برووک- دا دەردەکەوێت «دەرچوون لە ڕێچکەی بێکێت و ڕێنماییەکانی، بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی شانۆنامەکە بشێوێنێت، بۆ ئەو مەحاڵە»، ئەوجا فەرموون ئەم بۆچوونە ئیستێتیکییەی برووک و دیدگەی ئەو بۆ چۆنیەتی دەرهێنانی شانۆنامەکانی بێکێت لەگەڵ ئەو شێوازە بەناو ئەزموونگەرییەکەی لای خۆمان بەراورد بکە، کە چوار کەسایەتییەکەی (چاوەڕوانی گۆدۆ) دەکرێن بە دوو کەس، دوو کەسەکەش دوو ژن بوون، نەک دوو پیاو، درەختە ڕووتاوەکەش لادەبرێت، چونکە دەرهێنەر پێی وایە پێویست نییە و بێکێت بە خۆڕایی دای ناوە.

تەکنیکەکانی پیتەر برووک لە سەر ئاستی جووڵە و ئاماژە و بەکارهێنانی پانتایی نمایش ئەوە دەسەلمێنن کە برووک وەک مییرهولد، ڕیژیسۆرێکی ئەندازیار و بیناسازە، بەڵام لە پێگە و بینایەکی سادە و پانتاییەکی بەتاڵدا. لەم نمایشەدا زەقتر دەرک بەو ڕوونی و سادەییەی دەکەیت. هەڵبژاردنی شوێن و پانتایی نمایشەکە گرنگترین ڕەهەندی بوونگەرای دەقەکە بەرجەستە دەکەن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کرۆکی بیرکردنەوەی بێکێت بەرانبەر بە بوون و نەبوون چڕ دەکاتەوە. ماڵەکەی وینی لە نمایشدا چیتر تەپۆڵکە لمێکی وشکوبرینگ نییە، وەک ئەوەی لە زۆربەی نمایشەکانی ئەم شانۆنامەیەدا دووبارە دەبنەوە، بەڵکوو گردێکی گەورەی بەردینە کە لێرە و لەوێ پەڵە پەڵە بەچیمەن داپۆشراوە، گردەکە کەوتووەتە ناو بیابانێکی قاقڕ، کە ئاسمانێکی بەرینی بۆر باکگراوندێتی.

لە پەردەی دووەمدا، کاتێک تەواو جەستەی ویللی لە خاکدا نوقم بووە و تەنیا سەری بەدەرەوەیە، ڕەنگی پەمەییەکی سارد بەسەر هەموو دیمەنەکەدا دەکشێت، هاوکات هەندێک وردە ڕووەک و گژوگیا لە بەردەڵانەکەدا ڕوواون، لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنەکە بە بەراورد لەگەڵ دیمەنی یەکەم ناسکترە، هەرنەبێت بەئەندازەی

دیمەنی بەشی یەکەم وشکوبرینگ نییە. (وینی)
یش چیتر ئەو ژنە سادەیە نییە کە باس لە ستەمی ئەم گەردوونە بێباکە بکات، بەڵکوو ئێستا ژنێکی پێگەییوە و لە جاران ژیرترە، ئێستا تەواو هەست بە شکۆی دەروونی و ناسکێتی خۆی دەکات.

وەک گوتم وینی، لە بەشی یەکەم تا کەمەر لە خۆڵدا نێژراوە، لە بەشی دووەمدا تا سەر و ملی؛ لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات بێباکە، وەک ئەوەی هەست نەکات لە چ بارودۆخێکی تراژیدیدایە، ئەو تەواو بێئاگایە لەو دۆخەی تێی کەوتووە، بگرە تاڕادەیەک خۆشحاڵیشە. لێرەدا بۆشایی بوون و بێمانایی ژیان ئاشکرا و ڕاستەخۆ دیارە: جیهانی دەوروبەری وینی بریتییە لە تەپۆڵکە خۆڵێکی بەر خۆرەتاوێکی گەرمی پڕووکێنەر، ئەوجا لەبەر ئەوەی شوێن چەقبەستووە و بەرەوپێش ناڕوات، ئیدی دیمەنەکە شەو و ڕۆژی بۆ نییە. لێرەدا (ویللی کە مێردی وینییە) تەنیا پێوەندی ویللییە بە جیهان و خەڵکەوە. وینی خۆی لە خۆیدا، نیوە بوونێکە لە پشت گردەکەدا خۆی حەشار داوە و نایەتە پێشەوە، واتە خۆی بەتەواوەتی دەرناخات. قسەکانی پچڕپچڕن و ڕستەکانی کورتن، بەم شێوازی ئاخاوتنە بێ ناوەڕۆکە، بێکێت لەم شانۆنامەیەشدا بۆشایی زمانی ڕۆژانە و بەدحاڵیبوون و لەیەکترنەگەیشتن دووپات دەکاتەوە.

ئەوەی لە شێوازی کاری ڕێژیسۆرییەکەی پیتەر برووک و نواندنی (ناتاشا بێری)دا بۆ من زیاتر سەرنجڕاکێش بوو، توانایی هەردووکیان لە قووڵبوونەوە لە تێکستەکە و بەرجەستەکردنی مانا و بەها مرۆییەکانی شانۆنامەکە بوو. کەسایەتی بەهێز و ڕاستگۆی وینی، کە ترس و تۆقین و مۆتەکەی بەرجەستە دەکرد، هاوکات گاڵتەجاڕی و بێزاری و ناز و سۆزی بەرانبەر بە ویللیی هاوسەری دەردەبڕێت، کە ئەکتەری فەرەنسی ژان کلۆد بێرەن ئەدای دەکرد.

برووک لە ڕێنماییەکانی بێکێت لای نەدابوو، وردودرشتیانی وەک خۆی جێبەجێ کردبوو، ڕێنماییەکانی بێکێت لەو دەقەدا ئەوەندە زۆرن، بە ئەندازەیەکە، ئەگەر دەرهێنەر کارامە نەبێت، یان کەم ئەزموون بێت، ڕەنگە بۆی ببن بە ئاستەنگ و بەربەست، دواجار شەلم کوێرم تێیان بکەوێت و ئەگەر هەموویان لانەبا، ئەوە زۆربەیان لا بەرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دەرهێنەر لێهاتوو بێت و سۆراخی مانای ناو دێڕ و بندێڕ بکات، ئەوە وابەستەبوون بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی بێکێت، نەک هەر ڕێپێشاندەر و یاریدەدەرن، بگرە پێویست و گرنگیشن.

نواندنی ناشا بێری، بەشی سەرەکی سەرکەوتنی نمایشەکەی بەرکەوتبوو، پشتی بە هەستیارییەکی دەرەوە نەبەست، بەڵکوو سوودی لە کورتبڕییەکی زۆر توند و کەمکردنەوەی دەربڕین وەرگرت، تا ڕادەیەک کە تەنیا ڕوخساری بوو بە شانۆیەکی تەواو. هەر وەستانێک، هەر گۆڕانێکی کەم لە دەنگ، هەر سەیرکردنێکی کاتی، ڕووداوێکی نوێی دراماتیکی دروست دەکرد. کەسایەتیی وینی، لە کاتێکدا بە هێواشی لە خۆڵدا دەنوێت، وەک ئەوە دەردەکەوت کە لە زۆر کەسایەتی تر کە بێ مانا بەسەر تەختەکانی شانۆدا دەگەڕێن، زیاتر جووڵەی هەیە، بەڵام پێوەندیم بەو شانۆگەرییەوە، تەنیا بە نمایشەکەی پیتەر برووک نەوەستا، بەڵکوو لە ساڵانی دواتردا دەرفەتم بۆ ڕەخسا دوو بەرهەمی دیکەی گرنگی «ڕۆژە خۆشەکان»، لە سوید ببینم، یەکێکیان لەسەر تەختەی شانۆی شاهانەی سویدی ـ دراماتن ـ و ئەوی تریشیان لە شانۆی شاری ستۆکهۆڵم. هەر نمایشێک خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ دەقەکە پێشکەش دەکرد، بەهرە و توانایی (بێکێت)ی لەو ڕووەوە دەسەلماند کە سەرەڕای فۆرمی چەسپاوی شانۆنامەکەی، بەڵام وەک ناوەڕۆک چەندان لێکدانەوەی فەلسەفیانەی قووڵ و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و لە ڕووی خوێندنەوەی جیاواز و نمایشی جۆراوجۆردا کراوەیە.

گەیشتم بە باوەڕێکی پتەو کە کەسایەتیی

وینی، یەکێکە لە گەورەترین کەسایەتییەکانی ژنان لە شانۆی نوێ و تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی تواناییەکانی هەر ئەکتەرێکی ژنە. ئەو کەسایەتییە پشت بە جووڵەی دەرەوە نابەستێت، بەڵکوو پشت بە ڕیتمی ناوخۆیی بیرکردنەوە و زمان و یادەوەری و توانایی گۆڕینی وشە بۆ کردارێکی شانۆیی دەبەستێت.

شێوازی نواندنی ناتاشا بێری، نمایشە سەرسوڕهێنەرەکەی خانمە ئەکتەری بەناوبانگی سوێد، مارگارییتا کرووگ دێتەوە یادم، کە لەسەر شانۆی شاهانەی ستۆکهۆڵم ئەم ڕۆڵەی نمایش کرد. کرووگ یەکێک بوو لە دیارترین ئەکتەرەکانی شانۆی سویدی و بە توانستی نایابی خۆی لە نمایشە یەک ئەکتەرییەکاندا جیاواز بوو، بە تایبەتی لە گێڕانەوە و بەرجەستەکردنی کەسایەتیی گێرترود شتاین لەو کارەی کە پێوەندیی ئەو بە پابلۆ پیکاسۆوە دەخاتەڕوو.

بەڵام ئەدای ئەو بۆ کەسایەتیی وینی بە تەواوی لە ئەدای ناتاشا بێری جیاواز بوو.

ئەگەر بێری لایەنی شاعیرانە و بوونیی کەسایەتییەکەی بەرز کردبێتەوە، مارگارییتا کرووگ زیاتر کاری لە سەر کۆمیدیای ڕەش کردبوو و بەجۆرە تەنزێکی تاڵەوە هەر بە پێکەنینەوە ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی و پووچگەرایی ئەم جیهانە دەبووەوە.

کرووگ لە دەربڕینیدا زۆر ورد بوو، وای دەردەخست کە لە ساتەکانی بێدەنگی ناترسێت، دەسەڵاتێکی ئاشکرای دەنواند و زۆر متمانەی بە خۆی هەبوو، پێشتر ئەو ئەکتەرە مەزنەم لە ڕۆڵی (گێرترود شتاین)دا بینی و بە ڕاستی خانمە ئەکتەرێکی زۆر ناوازە بوو.

پێم وایە زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە تێگەیشتنی هەردوو نمایشەکەدا هەبوو، لە لەندەن نمایشەکەم بە زمانی فەرەنسی بینی، وەک گوتم پێشوەخت شانۆنامەکەم بە ئینگلیزی خوێندەوە، بۆیە بە پلەی یەکەم سەرنجم لەسەر ڕیتم و مۆسیقای نمایشەکە بوو، بەڵام لە ستۆکهۆڵم کە بە زمانی سوێدی بوو، توانیم لە هەمووی باشتر لە وشە و مانای دێڕ و بندێڕەکان تێبگەم، هەر بۆیە لە سروشتی تەنزە وردەکانی بێکێت بۆ من ڕوونتر بوون.

بەم شێوەیە تێگەیشتم کە زمانی بێکێت بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکان تەنیا ئامرازێک نییە، بەڵکوو بەشێکی ئۆرگانیکیی بنیادی باوی شانۆنامەکەیە.

«ڕۆژە خۆشەکان» فێری کردم کە شانۆی ڕاستەقینە پشت بە زۆریی ڕووداوەکان، یان زۆریی جووڵەی دەرەوە نابەستێت، بگرە پشت بە توانایی گۆڕانکاری درامیانەی وشە و کات و شوێن دەبەستێت. جووڵەی ڕاستەقینە لەم شانۆگەرییەدا جووڵەی جەستە نییە، ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک نییە، بەڵکوو جووڵەی مرۆڤێکە کە هەوڵ دەدا ئەوەندەی بۆ بکرێت، بە وشە و ئاخاوتنی بەردەوام، بە خوو و نەریتی ڕۆژانە و بچووکەکان، مەرگی خۆی دوا بخات.

دوای نزیکەی سێ دەیە، پاش ئەو نمایشەی لەندەن، پێموایە پیتەر برووک وانەیەکی زۆر بەهێزی لە دەرهێنانی شانۆییدا پێشکەش کرد، ئەو سەلماندی کە گەورەترین ڕێژیسۆرەکانی شانۆ، ئەوانە نین کە خۆیان بەسەر دەقدا دەسەپێنن و نابووتی دەکەن، بەڵکوو ئەوانەن کە دەزانن چۆن وا لە مانا نادیارەکان بکەن کە دیار بن، هێما نەبینراوەکان ببینرێن، ئەوانەن کە لە ناو دەقەکەدا خۆیان دەشارنەوە، تا ئەو ئاستەی نمایشەکە وا دەربکەوێت کە خۆڕسکە و خواسایی لەدایک بووە.

بێدەنگی لە شانۆی بێکێت- دا دژبەری جووڵە نییە، بەڵکوو قووڵترین شێوەی جووڵەیە، بەڵام چ جووڵەیەک! زیرەکیی پیتەر برووک لەوەدا بوو کە وای لێکردین جووڵە شاراوەکانی ناخ و دەروونی ئەکتەر ببینین.